# پیلانگیری

دووەم رۆژی جەژن، بەیانی فەرەیدەوون شێخ مەعروف بەرزنجی هاتە لام، بڕیاری ٩٨٦ کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوو بوو، بەڵام هێشتا کاری پێ نەکرابوو، ئامادەکاری بۆ دەکرا. فەرەیدەوون داوای لێکردم کەبەیەکەوە بچینە سۆران، لەوێ هەندێك زانیاریان دەوێت لەبارەی جەمرە خەبیسە (جمرة خبيثة) تا زانیارییەکان لە فەرمانبەرێکی بەیتەری وەربگێرت، لە ناو گەلی عەلی بەگ یەك پارچە بوو بووە سەهۆڵ، کە گەیشتینەوە هەولێرێ، منی لەبەر دەرگای ماڵێ دانا، کاتەکە نێوان مەغریب و عیشا بوو کارەباش نەبوو، کە دەرگای حەوشەیان لێکردمەوە بەر لە وەی بچمە ژوورەوە هەر لەبەر دەرگا دوو هێنلجم هاتێ برشێمەوە دەستیان گرتم بردمیانە ژوورەوە گوتیان حەبەکت بۆ دەینین بیخۆی، بەڵام جارێ ئەو کوزە پرتەقاڵەی بخۆ درێژ بووم کچە گەورەکەم حەب و پرتەقاڵەکەی لە ناو دەستم بوو.

رمبەی تەقینەوەیەکی زۆر گەورە لە ژوورەکەمانەوە هات دووکەڵ و پارچە ساچمە و گێچی بنمیچی بانەکەی سەرمان هەڵوەری، لەگەڵ باوکم و منداڵەکان و تەحسینی برام سوڕاینەوە شوێنی تەقینەوەکە لەو کاتە بەبێ گومان ئەوانەی نارنجۆکەکەیان فرێ دایە ماڵم زانیم کێن، بەکەسی یەکەمیانم گوت، کەئێوە بوون، بەڵام بەفەرمی ناوم نەهێنا پیاوانی ئاسایش گەیشتنە شوێنی رووداوەکە یەکێکیان گووتی نارنجۆکە لە دیوی ئەو بانەتانەوە بۆتان هاتووە لە دەرەوەی خانییەکەمان (تەحسین شەڵ) کە ماڵیان لێمان نزیك بوو لەسلیەی خانییەکەوە دەیرِواینە زەوییە بە تالەکەی پشت خانییەکە. کە زەوییەکە هی خۆمان بوو، ساڵی ٢٠٠٧ پارتی لە هەولێرێ دەسەڵاتداربوو، سەرم سوڕما کەمن دوژمندار نیم بۆچی دەیانەوێ خۆم و ماڵ منداڵم بکوژن (ص . و) کە ژنەکەی خزمی (ت. شەل بوو) بەکرێ لە خانی وان دانیشت بوو بەرامبەریشیان (ی . ع) قەلقالی کە هەرسێکیان کەین و بەینیان لە مابەینی خۆیان داهەبوو. بەیانی دوواتر چوومە وەزارەتی کشتوکاڵ کە (ص.و) فەرمانبەرێکی وەزیری

کشتوکاڵ بوو لێم پرسی چ ئاگات لەتەقینەوەی ماڵی ئێمە هەیە، ووتی ئاگاداری هیچ نیمە ڕۆژی دووەم ئەبووبەکر سابیر (خوا لێی خۆش بێت) ناردمە لای (ص.و) ئاخۆ چ هەواڵێك لەبارەی تەقینەوەکە دەزانی ووتی ئاگاداری هیچ نیمە. ڕۆژی دواتر دووبارە بەخۆم چوو لێم پرسی دیسان ووتی ئاگاداری هیچ نیمە.

دەتەوێ ببیتە بەرپرسی نووسینگەی مامۆستای (وەزیری کشتوکاڵ)، ووتم نەخێر من ئەندازیارێکی رووەکپارێزیم، نامەوێ لە بەشی بەرێوەبەیەتییەکان کار بکەم. وە لەوە بۆم دەرکەوت کە دەیانەوێ من بە قسەی خۆش و بە دەسەلاَت دەیانەوێ بچمە ژێر باریان، دواتر بەرێز وەزیری کشتوکاڵ لە ماوەی مانگێدا سێ جار فەرمانی گواستنەوەی بۆ دەرکردم بە دەوروبەری خۆی گوت بوو نەکاری دەدەمێ نە مۆڵەتی بێ مووچە، دەبی وەك گیراوێك لەسەر کورسیەکەی دابنیشی یا هەر گۆزە گۆزی پێ دەکەین کە وەزیر بە سەردان چووە دەرەوەی هەولێر، چوومە لای (شێخ الله ئیبراهیم) مۆڵەتی بێ مووچەم لەوی وەرگرت کە بۆخۆم لە دەرەوە کاری بکەم کە وەزیر هاتەوە یەکەم شت کردی مۆڵەتە بێ مووچەییەکەمی هەلوەشاندەوە هەر لەو سەین بەینەدابوو مستەر رۆجەر و مستەر مایکل جودان کەبۆ قەلاَچۆکردنی سن وکیسەڵە هاتبوونەوە، چوو بوونە لای وەزیر داوایان کردبوو کە سەدرەدین و شێخ سەلام مەعروف لەگەڵیان کار بکەن، ئەویش ووت بووی سەدرەدین و شیخ سەلام کوردستانی بکەنە زێر نامەوێ، کە کارمان بۆ بکەن بۆیێ هەردوو ئینگلیز چووبوونە لای دکتۆر رۆژ داوای ئێمەیان کردبوو دکتۆر (خێر خلف الله) لە رێکخراوی فاو ئەویش چووبووە لای وەزیر بۆ ئەنجامدانی قەلاَچۆکردنی مشك، رۆژێك لە وەزارەت بووم، حەسیب ئەسعەدی و عومەر ئیبراهیم و سەلام مەعروف هاتنە وەزارەت بچنە لای وەزیری گوتیان پێی دەڵێن بەهەڵە لە سەدرەدینی گەیشتی، ئەمن پێم گوتن وەزیر بەهەڵە لەمن نەگەیشتە، چونکە شتەکانم بە زمان و بەنووسین بۆ روونکردیتەوە، بەلاَم ئەگەر هەر دەچنە لای باسی من مەکەن چونکە خۆتانیش لەگەڵ من دەر دەکرێن نەك گوێیان لێبگری، بۆم دەرکەوت کە گرووپێکی گەندەڵ و گزی کار لە وەزارەتی کشتوکاڵ و بەرێوەبەرایەتی وەزارەتی کشتوکاڵی هەولێر خەریکی دزی وڵات کاول کردنن، من بوویمە رێگریان. کۆمەڵە دزەکە بریتی بوون لە

(ی.ع) لە بەریوەبەرایەتی رووەکپارێزی، (ن.ع) کەسی دووەمی پلاندانانی کشتوکاڵی هەولێر بوو، (ج) لە بەشی زەویوزاری کشتوکاڵی هەولێربوو(ط.م.ع) لە بەشی کەرستەکانی کشتوکاڵی هەولێر بوو، وەزیر دای نابوو بیکاتە بەرێوەبەری خزمەت گوزارییەکانی کشتوکاڵ، ئەو زانیاریانەم لەکاتی خۆی روو بەرووی بە کەسەکان گوتییە ئێستاش ناچاریان کردم بەنووسین بیلێمەوە.

پاش ماوەیەك وەزیر لادرا وەزێرێکی دیکە لە هەمان حزب لە جێگەی داندراوە، لیژنەیەکی لێکۆلینەوە لە سێ وەزیر پێکهێنرا بۆ ئەوەی لە کردەوەکانی وەزیر بکۆلنەوەو سیستەمەکانی رێکخەن لە دوای منیشیان نارد بچم سکالأکانیان پێش کەش بکەم. بەلأم کەچووم پێم گووتن هیچ سکالأیەکەم رووبەرووی وەزیر نییە، چونکە ئەوەی هەبوو نەبوو بەنووسین و بەزمان بە وەزیرم گووتبوو، شەماڵ حەوێزی و شێخ الله ئیبراهیم ئاگادار بوون نوسخەیەکم لە سکالأیەکە دایە دەستیان پێشم گوتن من ئامادە نیم بەرپرسیارێتی یەکە هەڵبگرم، حزبێك دامبنێ و حزبێك لامبدا. هەندێك زانیاری پێویست هەیە بۆ نووسەر و خوێنەرانی سەردەم دووبارە دەکەمەوە من و شێخ سەلام سالێك بەر لە دانانی گەمارۆی ئابووری لە خوێندنی بەغداد گەرابووینەوە، هەر هەردووکمان دیارترین کارمەند بووین لەبواری رووەکپارێزی دەبێ بگوترێ لە سالأنی شەستەکانی سەدەی رابردوو حکومەتی عێراق تۆی گەنمی لە دەرەوە هاوردە کردبوو کە لەگەڵ کەڕووکوژی کورکی گەنم لێك درابوو کەبەسەر جوتیاران دابەش کرا بیچێنین کەچی خەلکێکی زۆر گەنمە ژەهراوکراوەکەیان خوارد لە ئەنجامدا خەلکێکی زۆر بەو ژەهرە مردن، خەڵکێکی زۆریش ئیفلیج بوون، بەر لەدانانی گەمارۆی ئابووری خەڵکی عێراق دەوڵەمەند بوون پێداویستییەکان خواردن هەزران بوو، نرخی پەنجا کیلۆ شەکر (١٠) دیناری عێراقی بوو لە دوای دانانی گەمارۆ نرخی (١) کیلۆ شەکر گەیشتە (١٠٠) دیناری عێراقی ولأت بێ ئاو و بێ کارەبا و بێ ئاوی خواردنەوە و بێ سووتەمەنی و بێ ژەمێ خواردن بوو، لەم ئەنجامدا چەندین رێکخراوی خێرخوازی سەر بە (un) ونافەرمیەکان وەك (csf)ی بریتانی هاتنە کوردستان بۆ یارمەتیدانی جووتیارانی هەژار لە بواری کشتوکاڵ، چەندین کرداریان ئەنجامدا وەك هەلمەتی قەلأچۆکردنی سن و کیسەڵە، بکوژی

کەرووی کورک، قەلاچۆکردنی مشك و جرج، بژارەکانی کێلگەی گەنم. فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێم مووچەیان نەبوو، ئامادەبوون هەموو کارێك بکەن لە پێناو دابین کردنی ژیانی رۆژانەی خێزانەکانیان، ئێمە چەند کەسێك لە بواری رووەکپارێزیدا بە ئاگاداری حکومەتی هەرێم هاریکاری و ئاسانکاریمان بۆ رێکخراوەکان دەکرد، پلانمان لە بۆ دادەنان کارەکانمان لەگەڵ ئەنجام دەدان، لەم بوارەدا دیارترین کەسانی کوردستان (من) و سەلام مەعروف بەرچاو بووین خەلکانێك هەبوون بە هەق و ناهەق دوژمنداریان دەکردین، چونکە مووچەکانمان لەگەڵ رێکخراوەکان بەرز بوو هەرچەندە بەشێك لە مووچەکانی خۆمان کۆ دەکردەوە دەماندایە کارمەندە هەژار و برسییەکان. لەهەمان کاتدا خەڵکانێکی دەولەمەند و دەسەڵاتدار لە چەندین جێگەی کوردستان دەستیان لەگەڵ کارمەندەکان و وەزارەت، رێکخراوە جیهانییەکان تێکەڵ دەکرد بە چاو و راوو تۆقاندن بەناو و ناتۆرەی ناشیرین سووکیان دەکردین چونکە بەرهەمی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی بکوژی کشتوکاڵیەکان لەوان بکرین سویچی سەیارەیان دایە من وەکو بەرتیل بەڵکو بەرهەمەکانی ئەوان بە ناهەق و نارەوا بکەم بەتایبەتی لە کاتی کارکردنم لەگەڵ رێکخراوی (فاو) کە کارەکانم بۆ نە کردن چووبوونە لای دکتۆر (خێر) پێان گوتبوو سەدرەدین بە بەرتیل نەبی بەرهەمی کۆمپانیاکان داواناکات چەندین ناو و ناتۆرەی سووك وەك ئێمە سەر بە دەزگای هەوالگری عێراقین ولات و گەلی خۆمان دەفرۆشین، زۆر کردەوە و شتی دیکەیان لەو بارەیەوە دەکرد، بەلام ئێمە بریاری دڵسۆزی خۆمان بۆ گەڵ و نیشتمان و فەرمانبەرانی دەوروبەرمان و خزم و کەسی نزیکمان هەژار بوون یارمەتیمان دەدان لە مووچەکەی خۆمان، نان چوو بووە پشتی شێران، ئازا ئەو کەسە بوو خواردنی دوو رۆژ بۆ خێزانەکەی دابین بکا، رۆڵی کاریگەری خێرخوازەکان بۆ من بیانکەمە پەرتووکێك، بەلام من نەخۆشی و لە کارکەوتنم بوونە رێگر هیوادارم کەسانی دیکە مێژووی ئەو رۆژانە بنووسنەوە.

شایەنی سەربەرزییە کە بەم هەژاری و بێ مووچەیی یەشەوە خەڵکێکی زۆر لە راستپەروەری و گەڵحەزی و نیشتمانویستی خۆیان لایان نەدا.

من ئەوانەی نارنجۆکیان فرێداماڵم بۆ کوشتنی خۆم و ماڵ و منداڵم هەموویانم بە یەقینی ناسی، پێشم گوتن ئێوە دوورن لە مرۆڤایەتی. یەکێکیان دەستی لەگەڵ دوو دزان تێکەڵ کردبوو کەبچن لە ماڵی ئەو زیڕ و دراوی ژنەکەی ببەن بەمەرجێك بەشێك بۆ وی بەشێکیش بۆ دزەکان ئا ئەمە بوو راوێژکاری وەزیری ناودار.

بەقسەی تەیمور بارزانی کە ولاش زاوای دزەکە بوو ژنەکەی ناچار کردبوو شوقەکەی خۆی بەناوی ژنی تەیموری بکا.

منیش لە کارەکەم سەربەرز بووم ماڵ و منداڵی خۆشم پێگەیاند ئەو هەموو پەرتووکەشم (٦٠) پەرتووك لە بواری کشتوکاڵ چاپ کردییە کە لە پەیمانگەی کشتوکاڵ بووم لە خوێندن ئەوەی ئێمەی لە هەڤاڵانمان جودا دەکردە و من و شێخ سەلام بە زمانی ئینگلیزی باشتربووین لە بەکارهێنان و بکوژەکانی دەردە کشتوکاڵیەکانیش تا بڵێی کارامە بووم، زانستی زۆر و نوێمان هەبوو لە بواری دەرمانی دەردە کشتوکالییەکان زۆر شتیش لە بیانییەکان فێربووین هەروەك ئەوانیش لە ئێمە فێربوون.